www.kurdistannet.org
27-11-2006 8:26:46 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا



# دیدار و کۆبوونەوەی نێوان رێبەرایەتی پارتی ئازادیی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران



رۆژی پێنج شەممە 2سەرماوەزی2706 (23نوامبری2006) شاندێکی پارتی ئازادیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەرێز کاک عەلی قازی سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستان و ئەندامەتی بەڕێزان حسین یەزدانپەنا جێگری سەرۆک، شەماڵ پیران و حەسەن یەزدانپەنا ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و شوانە مەحمودی ئەندامی مەجلیسی گشتی PAK، سەردانی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران/ی کرد.

شاندی پارتی ئازادیی کوردستان، بە گەرمی لەلایان شاندێکی رێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پێکهاتوو لە بەرێزان کاک مستەفا هیجری سکرتێری گشتی، کاک حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتی، کاک حەسەن رەستگارو کاک محەمەد نەزیف قادری و کاک تەیمور مستەفایی ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کاک کاوە بارامی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و کاک فەتاح کاویان تێکۆشەری دێرینی PDKI، پێشوازیی لێکرا.

لەکۆبوونەوەو وتوێژێکی دۆستانەدا، سەرەتا بەرێز کاک عەلی قازی وەک سەرۆکی PAK، سەبارەت بە بەشداری شاندی PDKI لە کۆنگرەی یەکەمی پارتی ئازادیی کوردستان و پێشکەش کردنی پەیام بە کۆنگرەسوپاس وپێزانینی بەرانبەر رێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەربڕی و هیوای خواست پێوەندیی دۆستانە و لە مێژینەی نێوان PAK و PDKI پترگەشەی پێبدرێ. سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستان لە بەشێکی دیکەی وتەکانیدا، پەرۆشی PAK ی بۆ پاراستنی یەکریزی ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان راگەیاندو داوای لە هەموو تێکۆشەرانی PDKI کرد، برایانە گیروگرفتە ناوخۆییەکانیان چارەسەر بکەن.

بەرێز کاک مستەفا هیجری سکرتێری گشتی PDKI، وێڕای بەخێر هێنانی شاندی PAK، جارێکی دیکە پیرۆزبایی لە سەرکەوتنی کۆنگرەو هەڵبژێرانی بەرێز کاک عەلی قازی بە سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستان کرد.

تەوەرێکی دیکەی پێشنیارو داوای پارتی ئازادیی کوردستان، وەگەڕ خستنەوەی جموجۆڵەکانی پێوەندیدار بە پرسی هاوکاریی و دامەزرانی بەرەیەکی کوردستانی لە نێوان هێزو لایەن و کەسایەتییە سیاسی و

ئازادیخوازەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بوو. سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێشوازی لە پێشنیاری شاندی PAK کردو ئامادەیی PDKI بۆ هەر هەنگاوێک کە هێزو لایەنە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لێک نزێک بکاتەوە دەربڕی. شاندی پارتی ئازادیی کوردستان ئەم هەڵوێستەی بە هەڵوێستێکی بەرپرسانە لە حاست کێشەی کوردو پرسی هاوکاری هێزەسیاسیەکان داناو هیوای خواست، باقی هێزو لایەنەکانی سەر گۆڕەپانەکەش پێشوازی لە پێشنیارەکەیان بکەن.

باس لە بارودۆخی سیاسی کوردستان و ناوچەکە و ئێران، تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکەو ئاڵوگۆڕی بیروڕای نێوان هەردوو لا بوو.

کۆمیتەی راگەیاندنی
پارتی ئازادیی کوردستان
5/سەماوەزی/2706
26/نوامبری/2006